## وانەی شازدەهەم

# قوتابێتی - 2

نوکۆژ

ڕابەری گروپ: نوکۆژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### بەشداریکردن

کرداری نێردراوان

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەلۆوتی تایبەت بخوێنەوە) لەو زانیاریانەی کە لە خەلۆوتە ڕوحییەکان فێری بوون سەبارەت بەو برگە کتێبییانەی دیاریکراوە بۆتان (کردار4: 23- 7: 60) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداری کردنەکان کورت بێت. گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە ڕاستی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەوەی دەیڵێت و قبوولی بکەن. کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

### دەرخکردن

ووشە

مەتتا4: 4

#### ئـ ) هاندەری دەرخکردن

| ئایەتی دەرخکردن | ووشە (مەتتا4: 4) | نیشانەی کتێبی |
|---|---|---|
| لەسەر پەڕاوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | بەڵام عیسا وەڵامی دایەوە: (نووسراوە: ﴿مرۆڤ تەنها بە نان ناژییێت، بەڵکو بە هەر ووشەیەك کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت﴾) (مەتتا4: 4) | لەپشت پەڕاوەکە بنووسەوە |

1 مەبەست چییە لە ووشەی (نووسراوە)؟

عیسای مەسیح لە کاتی بەڵگەهێنانەوە و لێوەرگرتنی ڕستەیەك لە کتێبی پیرۆز ئەم ووشەیەی بەکار دەهێنا. هەروەها بە شکۆمەندی و ڕێزەوە دەڕوانییە کتێبی پیرۆز، بە پێوانی یەکەم و کۆتایی دەیژمارد بۆ هەر مافێکی پەیوەندیدار بە ژیان و باوەڕەوە، هەروەها بە سەرچاوەی کۆتایی بۆ ڕاستی دەیژمارد. (وتەکان8: 3) (وتەکان6: 16) (وتەکان6: 13).

2 چۆن لە ڕابردوودا ووشەی خودای وتراو ژیانی بۆ مرۆڤ

**ئـا نموونەی یەکەم:** لە یەکەم بەشی کتێبی پیرۆز، دەخوێنینەوە کە خودا ووشەکەی درکاند و فەرمووی: ﴿*با ڕووناکی ببێت*﴾ جا ڕووناکی بوو! هەروەها ئەو ووشەیەی کە لە زاری خوداوە دەرچوو زۆر بەهێز بوو بەو ئەندازەیەی کە بەس بوو بۆ دروستکردنی زەوی، هەروەها تەواوی گەردوونیش بە ئەستێرە و هەسارەکانەوە. (زەبووری33: 6) (عیبرانییەکان11: 3).

**ب) نموونەی دووەم:** خودا بۆ ماوەی چل ساڵ ڕابەڕایەتی گەلی عیبرانی دەکرد لە دەشت بۆ زەبوون کردن و تاقیکردنەوەیان (وتەکان8: 1-5). ووشەی (زەبوون کردن) لێرەدا واتای ئەوە دەگەیەنێت کە بیانخاتە ژێر فشارەوە. خودا خستیانە بارودۆخێکی فشاردارەوە بۆ تاقیکردنەوەیان. هەموویان لە بیابان سەرسام بوون، بەهۆی برسێتییەوە دەچەوسانەوە. سەرباری ئەوەی کە خودا هەموو شتێکی دەزانی و دەیزانی چی لە دڵی گەلە، بەڵام ویستی تاقییان بکاتەوە تاکو ناچاریان بکات بیرۆکە و هەڵوێستەکانی دڵیان دەربڕن. بەڵام خودا لەو بارودۆخەشدا بایەخی پێ دەدان. خودا مەنی بۆ ناردن تاوەکو بیخۆن. لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری ئەوە بوو کە جلەکانیان دانەڕزێت و پێیان نەئاوسێت بەهۆی زۆری ڕێکردن لە بیاباندا. هۆکاری ئەوەیش کە خودا خستیانە ئەو بارەدۆخە فشاردارەوە و لە هەمان بارودۆخیشدا بایەخی پێدەدا بۆ ئەوەی چیتر پشت بە خۆیان نەبەستن، هەروەها پشت بە هیچ کەسێکیتر نەبەستن، تەنها پشت بە خودا ببەستن. بەم شێوەیە، ئەو وانەیەی کە خودا ویستی بە گەلی عیبرانی بیگەیەنێت ئەوە بوو کە ئەوان و هەموو گەلانی جیهان بەتەواوەتی پشت بە ووشەی وتراوی خودا ببەستن کە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ دەیانپارێزێت!

**پ) نموونەی سێیەم:** جبرائیلی فریشتە بە مریەمی پاکیزەی فەرموو: ﴿هیچ شتێك بۆ خودا مەحاڵ نییە﴾ (لۆقا1: 37)! ئەو قسانە ئاماژەی بەو ڕاستیە دەکرد کە مریەم سکی دەبێت بەبێ ئەوەی نزیکی پیاو ببێتەوە. بەم شێوەیە، عیسای مەسیح شێوەی مرۆڤی وەرگرت لە ڕێگای ووشەی وتراوی خوداوە (لۆقا1: 34-38).

**پ) نموونەی چوارەم:** عیسای مەسیح لەپاش بەسەربردنی چل ڕۆژی ڕۆژووگرتن لە بیابان برسی بوو. شەیتان هەوڵی دا عیسای مەسیح تاقیبکاتەوە کە پشت بە خودا نەبەستێت، بەڵکو پشت بە توانا تایبەتییەکانی خۆی ببەستێت لە ڕێگای وەرگێرانی بەرد بۆ نان. شەیتان دەیەوێ خەڵکی باوەڕ بکەن کە دەتوانن بارودۆخی ژیانی تایبەتییان بەبێ خودا دروست بکەن. بەڵام عیسای مسیح ڕایگەیاند کە خودا —نەك مرۆڤ— بارەدۆخی گونجاو بۆ ژیانی هەر کەسێك دروست دەکات لە ڕێگای ووشەی وتراوی خودا . بۆیە، ئەگەر باوەرت بە خودا هەبێت یان نەبێت، دڵنیابە لەوەی کە بەهیچ شێوەیەك نان نابێت ئەگەر خودا ووشەی بەدیهێنەری نەدرکێنێت کە خاوەن دەسەڵاتە.

**3** بۆ چی هەر ووشەیەك کە خودا فەرمووی کرنگە بۆ مرۆڤ؟

ووشە وتراوەکانی خودا ووشەی خاون دەسەڵاتێکی مەزنن بەو ئەندازەیەی کە ئەو هەوایە بەدی دەهێنێت کە هەڵی دەمژین، هەروەها باران و خۆر کە بۆ بەروبوومەکان پێویستن، ئەو خواردنەی دەیخۆین. هەروەها ئەو وشانەن کە ڕۆژانە دەمانپارێزن. ئەگەر خودا ووشە بەدهێنەرەکەی نەدرکێنێت، باران نەدەبوو، هەروەها خۆر، خواردن، ئاو، درەخت، گوڵە جوانەکان نەدەبوون، هەروەها ئەو بایەش کە هەڵی دەمژین نەدەبوون. بە کورتی، ژیان نابێت چونکە خودا خۆی هەموو شتێك دروست دەکات و بە ووشە وتراوەکەی دەیانپارێزێت، بۆیە عیسای مەسیح فەرمووی: ﴿*مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر ووشەیەك کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت*﴾. بەم شێوەیە، ووشەی وتراوی خودا گوزارشت کردنە لە تەواوی دەسەڵاتی لەسەر هەموو گیانلەبەرێك، هەموو بارودۆخێك، هەروەها هەموو ڕووداوەکانی مێژوو.

**4** بۆ چی هەر ووشەیەك خودا نووسیبێتی بۆ مرۆڤ کرنگە؟

خودا خۆی فەرمانی دا بەشێك لە ووشە وتراوەکەی لە کتێبی پیرۆز بنووسرێت، تاکو ئەم ووشانە ببنە ووشە نووسراوەکانی! بۆیە، ووشە نووسراوەکانی خودا لە کتێبی پیرۆز کاریگەرو و مەزنە. مرۆڤیش ناتوانێ بەپێی ویستی خودا بژێت ئەگەر پشتبەست نەبێت بە ووشە نووسراوەکانی خودا لە کتێبی پیرۆزدا. ووشەی نووسراوی خودا لە کتێبی پیرۆز توانای دەرخستنی نهێنییەکانی خودای هەیە (لۆقا8: 10)، هەروەها توانای شکاندنی دڵە ڕەقەکانی هەیە وەکو شکاندنی تاشە بەردێك بە چەکوش، توانای سوتاندنی هەموو گفتوگۆ لاوازەکانی مرۆڤی هەیە وەکو سوتاندنی پوش بە ئاگر (ئیرمیا23: 29). هەروەها ووشە نووسراوەکانی خودا توانای جیاکردنەوەی بیرۆکەکانی خودا و ئامانجەکانی هەیە (عیبرانییەکان4: 12)، هەروەها ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی هەیە کە باوەڕیان پێی هەیە (ڕۆما10: 13-17)، هەروەها توانای گەشەکردنی باوەڕدارانی هەیە لە کارە ڕوحییەکاندا (1پەترۆس 2:2). سەرباری ئەوەیش ووشەی نووسراوی خودا سوودی هەیە بۆ فێرکردنی ئەو ڕاستییانەی پەیوەندییان بە خوداوە هەیە، توانای کردنەوەی چاوی خەڵکی هەیە تاکە گوناهەکانیان ببینن، توانای چاککردنەوەی هەڵەکانیانی هەیە و ڕاهێنانیان تاکو ببنە خزمەتکاری بەسوود بۆ خودا (2تیمۆساوس3: 16-17).

**پ ) دەرخکردن و پێداچوونەوە**

**بنووسە:** ئایەتە کتێبییەکان لەسەر کاخزێکی نوێ **بنووسە** یان لەناو پەڕاوی تێبینییەکان.

**دەرخکردن:** ئایەتە کتێبییەکان بە شێوەیەکی ڕاست دەرخ بکە. ووشە: مەتتا4: 4.

**پێداچوونەوە:** گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی، هەر کەسێك دڵنیا بێت لەوەی هاوڕێکەی ئایەتی دەرخ کردووە.

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
## جیاوازی هاوڕێتی مەسیحی چییە؟

یۆحەننا15: 13-15

شێوازی **پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز** بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (یۆحەننا15: 13-15) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** **بخوێنە**

**بخوێنە:** با پێکەوە (یۆحەننا15: 13-15) بخوێنین. با بە نۆرە بخوێنین، بە شێوەیەك هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنی بڕگەکە بە تەواوەتی.

هەنگاوی **2** **بدۆزە**

**بیربکەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە کە بەلاتەوە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە کە چووە ناو مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە کتێبییەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەرەوە کە تێیان بگەیت، و بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەت بنووسە.

**بەشداریکردن:** (دوای ئەوەی ئەندامانی گروپەکەت هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن. بیرۆکەکانتان بە نۆرە بەشدار بکەن). با نۆرە بگرین بۆ بەشداریکردنی ئەو شتانەی هەر یەکێك لە ئێمە دۆزیویەتەوە. (ئەمانەی خوارەوە نموونەن بۆ ئەوانەی بەشداری ئەو شتانە دەکەن کە دۆزیویانەتەوە. لەبیرتبێت، لە هەر گرووپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەشداری دەکەن. و گرنگ نییە ئەو شتانە وەك یەك بێت).

**دۆزینەوەی 1** بەلایمنەوە ڕاستی پەسەندکراو ئەو ڕاستییەیە کە لە (یۆحەننا15: 13) نووسراوە. عیسای مەسیح دەڵێت مەزنترین خۆشەویستی ئەوەیە کە مرۆڤ ژیانی خۆی لە پێناو خۆشەویستەکانی بگوزەرێنێت. ئەو شتەش کە زۆر بەدڵم بوو و کاریگەری لێم کرد ئەوەیە کە عیسای مەسیح بە هاوڕێی خۆی ناوزەدم دەکات. من لە (ڕۆما5) لەبارەی دۆخی پێشووم دەخوێنمەوە پێش ئەوەی باوەڕ بە عیسای مەسیح بکەم. ئەو کات لاواز و یاخی و دوژمنی خودا بووم. بەتایبەتیش لە کەسێتی خۆم لاواز بووم و بێ تاقەت بووم لە گۆڕینی خۆم. هەروەها یاخی بووم. سەرباری ئەوەی کە باوەڕم هەبوو بەوەی کە خەڵکی پێی دەڵێت (خودا)، بەڵام چەمکێکی هەڵەم هەبوو لەسەر خودای زیندووی ڕاستەقینە. وا هەستم دەکرد کە خودا لە شوێنێکی زۆر دوور لە ئاسمان نیشتەجێ بووە، هیچ کەسیش توانای نییە پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ببەستێت. هەروەها ڕۆژانە چەند جارێك نوێژم دەکرد، بۆ ماوەی زۆریش بەڕۆژوو دەبووم، بە پارەکانیشم کاری چاکەم دەکرد، چەندین ڕێوڕەسمی ئاینیم جێبەجێ دەکرد، لەبەر ئەوەی دەترسام کە ئەم خودایە شوێنێکم لە بەهەشت نەداتێ. بەڵام سەرباری ئەوەی کە هیچ ڕۆژێك بیرم نەکردەوە لەوەی کە خودا ببێت بە هاوڕێم، بەڵام عیسای مەسیح بانگهێشتم دەکات بۆ ئەوەی ببم بە هاوڕێی. هەروەها سەرباری ئەوەی کە ژمارەیەك هاوڕێم هەیە، بەڵام هیچ هاوڕێیەکی سەر زەوی ناگاتە هاوڕێتی عیسای مەسیح! لەبەر ئەوەی ئەو هاوڕێمە، دەیەوێ لێم نزیك بێت و پێکەوە هەموو شتێك بکەین. گرنگترین ڕاستیش بەلامەوە ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی کە لە ڕابردوودا دوژمنی عیسای مەسیح بووم، بەڵام ئێستاکە بووم بە هاوڕێی.

---

**دۆزینەوەی 2** بەلایمنەوە ڕاستی پەسەندکراو ئەو ڕاستییەیە کە لە (یۆحەننا15: 14) نووسراوە. کاتێك عیسای مەسیح دەڵێت: ﴿*ئێوە دۆستی منن، ئەگەر کار بەوە بکەن کە ڕاتاندەسپێرم*﴾. بێگومان هاوڕێتی بەتەنیا نایەت. بەڵکو هاوڕێتی بەرپرسیایەتی دەخاتە ئەستۆمان. بۆیە، ناتوانم ببمە هاوڕێی عیسای مەسیح ئەگەر گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی نەبم. عیسای مەسیح فەرمووی ﴿لە خۆشەویستییەکەمدا بچەسپێن. ئەگەر ڕاسپاردەکانم بپارێزن لە خۆشەویستییەکەمدا دەچەسپێن﴾ یوحەننا 9:15-10

بۆیە، ئەو کات دڵنیا دەبم لە چەسپاندنم لە هاوڕێتیی عیسای مەسیح ئەگەر بە گوێرەی ڕاسپاردەکانی ئەو بەشێوەیەکی بەردەوام کار بکەم. بۆیە، بەرپرس دەبم لە زانینی ڕاسپاردەکانی و گوێڕایەڵی کردنیان. گرنگترین ڕاستییش بەلایمنەوە ئەوەیە کە من ئەگەر ویستم پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ عیسای مەسیحی خواوەند دروست بکەم، پێویستە لەسەرم بەرپرسایەتەکانم لەم پەیوەندییەدا بەدی بهێنم.

هەنگاوی **3** **هەندێ پرسیار ئاڕاستە بکە**

**بیربکەرەوە:** چ پرسیارێك ئاڕاستەی ئەم گرووپە دەکەیت، سەبارەت بەم بڕگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییە تێبگەین کە لە (یۆحنا15: 13-15) نووسراوە، پاشان هەندێ پرسیار بکەین سەبارەت بەو شتانەی کە تێنەگەیشتووین.

**بنووسە:** ئاگاداربە لە داڕشتنی شێوەی پرسیارەکەت کە بە ڕوونترین شێوەبێت. دواتر پرسیارەکە لە پەڕاوەکەت بنووسە.

**بەشداری بکە:** پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوایان لێ بکە بەشداری بکەن بە دەربڕینی پرسیارەکانیان).

**گفتووگۆبکە:** (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەوڵ بدە وەڵامیان بدەیتەوە لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).

(ئەمانەی خوارەوە هەندێ نموونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن، و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەرێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).

**پرسیاری 1** (15: 13) واتای چی دەگەیەنێت ﴿*یەکێك ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت*﴾؟

**تێبینییەکان:** پێویستە لەسەرمان جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو شێوازەی کە عیسای مەسیح ژیانی خۆی لە پێناو خۆشەویستانی دانا، ئەو شێوازەی کە پێویستە لەسەرمان ژیان لەپێناو ئەو کەسانە دانێن کە بەخۆشەویست یان هاوڕێ ناوزەدیان دەکەین.

ئـ) خۆشەویستی عیسای مەسیح نایابە. کاتێك کە عیسای مەسیح لەسەر خاچ مرد خۆشەویستییەکی نایەبی سەبارەت بە ئێمەی هەبوو. بەهای خۆشەویستییەکەی بێ سنوورە (سیفەتی جێگرەوە بۆ خۆشەویستییەکەی، ئاکامە قوربانیدەرەکانی خۆشەویستییەکەی) ناکرێ ببێتە نموونەیەك بۆ خۆشەویستیمان. لەو ڕووانەوە تێبینی دەکەین کە خۆشەویستی عیسای مەسیح زۆر نایابە و لاسایی ناکرێتەوە. عیسای مەسیح تەنها لەبەر بەرژەوەندی ئێمە نەمرد، بەڵکو لەجیاتی ئێمەیش مرد! خۆشەویستی عیسای مەسیح خۆشەویستییەکی جێگرەوەیە. ئەم خۆشەویستییە بوو کە وای لێکرد نرخی گوناهەکانمان بدات و ئەشکەنجەی وازهێنانی خودا لەو بکێشێت لەجیاتی ئێمە. بەڵام ناتوانین ئەم جۆرە خۆشەویستییە جێگرەوەیە بە خۆشەویست و هاوڕێکانمان ببەخشین.

ب) دووەم، خۆشەویستی عیسای مەسیح نموونەیە بۆ ئێمە. بەڵام ئێمە لە (یۆحەننا15: 12-13) دەخوێنینەوە: ڕاسپاردەی من ئەمەیە: یەکتریتان خۆشبووێت وەك خۆشمویستن. کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتری نییە کە یەکێك ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شێوازێك هەیە بۆ ئەوەی خۆشەویستی عیسای مەسیح بۆ ئێمە وەك هاوڕێی خۆی ببێتە جۆرێك لە خۆشەویستی ئێمەیش بۆ هاوڕێکانمان. ئەم سیفەتەی مەسیح - کە پێویستە پەیڕەوی بکەین — سروشتیی قوربانیدانە بۆ خۆشەویستییەکەی. وەکو ئەوەی عیسای مەسیح پێمان بڵێت: (بە خۆشەویستیەکی قوربانیدەر یەکتریتان خۆش بوێت هەروەك چۆن بە خۆشەویستییێکی قوربانیدەر ئێوم خۆشویست) ئێمەیش حەزمان لە خۆشەویستی قوربانیدەرە کاتێك نکۆڵی لە بەرژەوەندیەکانمان بکەین لە پێناو خۆشەویستیمان بۆ یەکتر. بەڵام خۆشەویستی قوربانیدەر خۆشەویستییەکە نرخی هەیە. پێویستی بەکات و پارە و نکۆڵی کردن لە خود دەکات. سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانم خۆشەویستی جێگرەوە لە بەرامبەر هاوڕێکانم پیشان بدەم، بەڵام دەتوانم (بەڵکو ئەرکیشە لەسەرم) خۆشەویستییە قوربانیدەرەکەم لە بەرامبەریان پیشان بدەم. من ژیانم دەکەمە قوربانی هاوڕێکانم کاتێك خۆشەویستییە قوربانیدەرەکەمیان پیشان بدەم.

پ) یەکەم سیفەتی هاوڕێتی مەسیحی. یەکەم سیفەتی هاوڕێتی مەسیحی ئەوەیە کە هاوڕێتییەکە ڕاستەقینەیە. هاوڕێتی ڕاستەقینەیش هەمیشە خاوەنەکەی هاندەدات بۆ دەستپێشخەری هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە کەسیتر و پیشاندانی خۆشەویستی قوربانیدەر لە بەرامبەری. هاوڕێی مەسیحی ناپرسێت: (ئەبێ چیم دەست بکەوێت لەم پەیوەندییە؟) بەڵکو دەپرسێت: (ئەبێ بە چی بەشداری بکەم لەم پەیوەندییە؟)

**پرسیاری 2** (15: 14) بۆچی هیچ کەس ناتوانێ ببێت بە هاوڕێی عیسای مەسیح ئەگەر ڕاسپاردەکانی پەیڕەو نەکات؟

**تێبینییەکان:**

ئـ) بەرپرسایەتی عیسای مەسیح: خۆشەویستییەکی بێسنوور خۆشمانی دەوێت. ئەگەر شکستم هێنا لە جێبەجێکردنی هەندێك لە ڕاسپاردەکانی عیسای مەسیح، ئایا وەك هاوڕێی دەمێنمەوە؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکی گرنگە! با بڕوانینە دۆخی قوتابیان لەو کاتەدا. کاتێك لە ڕێگا بوون بۆ خواردنی پەسخ، لە نێوان خۆیاندا مشتومڕیان هەبوو سەبارەت بەوەی کامیان مەزنتر دەبێت (لۆقا22: 24). کاتێك گەیشتنە نهۆمی سەرەوە، کەسیان ئامادە نەبوو پێی ئەوەی تر بشوات (یۆحەنا13). کاتێك تەواوبوون لە خواردنی پەسخ، کەسیان نەیتوانی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لەگەڵیدا ئێشکگر بێت کاتێك نوێژی دەکرد. کاتێکیش سەربازەکان هاتن بۆ دەستگیرکردنی، پەترۆس بە توندی هەڵسوکەوتی کرد و شمشێرەکەی ڕاکێشا و لە کۆیلەی سەرۆکی کاهینی داو گوێکی پەڕان. پاشان قوتابییەکان وازیان لە عیسای مەسیح هێناو هەڵهاتن، بۆ بەیانی ڕۆژی دووایین، پەترۆس سێ جار نکۆڵی لە عیسای مەسیح کرد. بەم شێوەیە، ئەو قوتابیانە بە چەندین شێواز ئاشکرایان کرد کە کەم و کوریان هەیە لە کەسێتییاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەوەی کە عیسای مەسیح دەیزانی هەموو ئەم شتانە ڕوو دەدەن، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی کە بە خۆشەویست و هاوڕێیان ناوزەدیان بکات! ئای بۆ خۆشەویستی نایابی عیسای مەسیح لە بەرامبەرمان! لاوازی و شکستی ئێمە کاریگەری لەسەر خۆشەویستی ئەو نابێت، چونکە لەسەر خۆشەویستی قوربانیدەر لە بەرامبەرمان بونیاد نراوە.

ب) بەرپرسایەتی ئێمە: پێویستە لەسەرمان گەشە بدەین بە پەیوەندی نێوان ئێمە و عیسای مەسیح بەپێی مەرجەکانی ئەو. بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئێمە و عیسای مەسیح بپارێزین، ئەرکێکیش هەیە لەسەر ئێمە. پێویستە گەشە بدەین بە پەیوەندی نێوان ئێمە و عیسای مەسیح بە پێی ئەو مەرجانەی کە خۆی بڕیاری دەدات لەسەر ئەو شتانەی کە ئەو پەیوەندییە بونیاد دەکات و ئەو شتانەی دەیڕوخێنێت. بۆیە، ئەو خۆی مەرجەکان دەستنیشان دەکات و ڕێنماییەکان دادەنێت. بەر خۆی سنووری ئەو پەیوەندییە هاوڕێتییە دەکێشێت! ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە. هاوڕێتی لەگەڵ عیسای مەسیح وەك هاوڕێتی لەگەڵ خەڵکدا نییە. هاوڕێتی لەگەڵ خەڵکی لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی هەستەکان و حەزکردن لە پێکەوە بوون و ئەنجامدانی کارەکان دادەنرێت. بەڵام هاوڕێتی لەگەڵ عیسای مەسیح بەتەواوی جیاوازە. ئەو هاوڕێیەتییە پێوان و سنووری ڕوونی هەیە. بۆیە، ناتوانین چێژ لە هاوڕێتی عیسای مەسیح وەربگرین ئەگەر گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی نەبین. عیسای مەسیح خۆی مەرج و سنووری پەیوەندی هاوڕێتییەکی لەگەڵیدا دادەنێت.

پ) خۆشەویستی عیسای مەسیح بۆ ئێمە و خۆشەویستی ئێمە بۆ عیسای مەسیح گونجاون چونکە ئێمە گەلی هەڵبژێردراوی ئەوین. چۆن دەتوانین سەرکەوتوو بین لە نێوان بەرپرسیارێتیمان لە گوێڕایەڵی کردنی ڕاسپاردەکانی عیسای مەسیح لەلایەکەوە، لە نێوان خۆشەویستی نایابی عیسای مەسیح بۆمان سەرباری لاوازییە زۆرەکانمان لە لایەکی ترەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە (یۆحەنا15: 19) دەدۆزینەوە کاتێك کە عیسای مەسیح دەفەرموێت: *﴿من لە جیهان هەڵمبژاردوون﴾*. بەم شێوەیە، عیسای مەسیح قوتابییەکانی هەڵبژارد تاوەکو ببنە تایبەتمەندی خۆی، پاشان ڕزگاری کردن لە دەسەڵاتی شەیتان و لە گوناه، بەم زووانەش ڕوحە پیرۆزەکەی تێیاندا دەڕێژێت. ئەو کات، دەتوانن گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی بن لە ڕێگای هێزی ڕوحی پیرۆز و دانابییەکەی.

هەروەها، عیسای مەسیح بە هەمان شێوە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات. ئەو داوا دەکات ئەو شتانە ئەنجام بدەین کە توانای ئەنجامدانیمان دەداتێ بەپێی نیعمەتە دەوڵەمەندەکەی! عیسای مەسیح داوا ناکات شتێك ئەنجام بدەین کە توانای ئەنجامدانیمان نەبێت. بەڵکو کاتێك ئامۆژگاریمان دەکات بۆ هەر شتێك، هەموو پێداویستییەکمان دەداتێ بۆ گوێڕایەڵی کردنی. بەڵام عیسای مەسیح تەنها داوا ناکات گوێڕایەڵیی بکەین، بەڵکو پیرۆزیشمان دەکات لە ڕێگای کاری ڕوحی پیرۆز لە ناخمان بۆ ئەوەی تامەزرۆی گوێڕایەڵی کردنی ببین، هەروەها بۆ ئەوەی توانای گوێڕایەڵی کردنیمان هەبێت، تاوەکو بەڕاستیشەوە گوێڕایەڵی بکەین (1پەترۆس1: 1-2)!

ت) دووەم سیفەتی هاوڕێتی مەسیحی. دووەم سیفەتی هاوڕێتی مەسیحی ئەوەیە کە لەسەر ئەوەی کە پێوانە و سنووری هەیە کە لەسەر ڕاسپاردەکانی عیسای مەسیح دانراوە. هاوڕێ مەسیحییەکان شێواز و پێوانەکانی ئەم جیهانە هەڵیە پەیڕەو ناکەن، بەڵکو هەمیشە شێواز و پێوانە ڕوونەکانی عیسای مەسیح پەیڕەو دەکەن لە ڕێگای ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی کە لە کتێبی پیرۆز هاتوون. ئەوان تامەزرۆن شێوازەکەی عیسای مەسیح پەیڕەو بکەن، بەڕاستیش شێوازەکانیی پەیڕەو دەکەن. بەم شێوەیە، هاوڕێ مەسیحییەکان هەمیشە دەڕواننە ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆز بەو پێیەی کە ئەو پێوان و سنوورەن کە لە ڕێگایەوە گەشە بە هاوڕێتییەکانیان دەکەن.

**پرسیاری 3** (15: 15) بۆچی قوتابییەکانی عیسای مەسیح چیتر بە (کۆیلە) ناونابرێن؟

**تێبینییەکان:** عیسای مەسیح دەفەرمووی ﴿ئیتر بە کۆیلە ناوتان نابەم، چونکە کۆیلە نازانێت گەورەکەی چی دەکات. بەڵام ناوی دۆستم لێنان چونکە هەرچییەکم لە باوکم بیستبوو پێم ڕاگەیاندن﴾ لە کاتێکی پێشتری ئێوارەی هەمان ڕۆژ، عیسای مەسیح پێی وتن ئەگەر خودی خۆی (مامۆستا و گەورەیان) پێیانی شوشت، پێویستە ئەوانیش پێی یەکتر بشۆن چونکە بەندە لە گەورەکەی مەزنتر نییە (یۆحەننا13: 14-16). لە (یۆحەننا13)، قوتابییەکان پێیان دەوترێت (کۆیلە). بەڵام لە (یۆحەننا15) بە کۆیلە ناو نابرێن. بەڵام بۆچی قوتابییەکانی عیسای مەسیح چیتر بە کۆیلە ناونابرێن؟

ئـ) ووشەی (کۆیلە) ئاماژە بە پێگەی قوتابییەکان لە پەیوەندییان بە عیسای مەسیح و بە یەکترەوە دەدات.

لە سەرەتای ئەو ئێوارەیە، عیسای مەسیح قوتابییەکانی فێری چۆنێتی خزمەتکردنی خۆبەکەمزانین کرد. لە جیهاندا، بەندە لە گەورەکەی مەزنتر نابێت. بەڵام ئەگەر گەورەکە (واتا عیسای مەسیح) پێی قوتابییەکانی شوریی، دەبێ تا چ ئەندازەیەك پێویستە قوتابییەکان پێی یەکتر بشۆن؟ بەم شێوەیە، پێویستە قوتابییەکان بەردەوام بن لە خزمەتی یەکتر و هەر یەك لەوان پێی یەکتر بشۆن. کاتێك پێی کەسێکیتر بشۆیت، ئامادە دەبیت بۆ وەرگرتنی کەمترین پێگە لەناو خەڵکدا و ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە کەسانیتر ئەنجامی نادەن. بەم شێوەیە، (یۆحەننا13) جەخت لەسەر پۆستی (فەرمانبەری) قوتابییەکان دەکاتەوە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عیسای مەسیح و لەگەڵ یەکتردا. فەرمانبەرێتی ئەوان ئەوەبوو کە (کۆیلەن).

ب) ووشەی (خۆشەویستان) یان (هاوڕێیان) ئاماژە بەو پەیوەندییە هاوەڵییە دەکات کە قوتابییەکان بە عیسای مەسیح و بە یەکتر دەبەستێتەوە.

عیسای مەسیح زۆر شتی گرنگی بۆ قوتابییەکانی باس کرد. هۆی هاتنی بۆ سەر زەوی بۆیان باس کرد: خودا ناردی بۆ ئەوەی فەوتاوەکان ڕزگاری بکات. هەروەها هۆی ئازار چەشتنی بۆیان باس کرد: بۆ ئەوەی باجی گوناهەکانی سەرجەم خەڵکی بدات. هەروەها پێیانی فەرموو بۆچی پێویستە زەوی بەجێبهێڵێت: بۆئەوەی ڕوحی پیرۆز تێیاندا بڕژێت، هەروەها لە ئاسمان شوێنێکیان بۆ ئامادە بکات. هەروەها پێیانی فەرموو چۆن مرۆڤ دەتوانێت ڕزگاری ببێت، لە ڕێگای باوەڕهێنان پێی. سەرباری ئەوەی کە مامۆستا بە کۆیلەکانی ئەم شتانە نالێت، بەڵام عیسای مەسیح بە قوتابییەکانی ئەو شتانەی ڕاگەیاند چونکە بوون بە هاوڕێی. بۆیە کاتێك جەختکردنەوە لەسەر قووڵی پەیوەندی نێوان گەورە و قوتابییەکانی بێتە ئاراوە، ووشەی (کۆیلە) نابێتە ووشەی

بەڵکو ووشەی (هاوڕێ) دەبێتە ناوزەدی گونجاو بۆ ئەم پەیوەندییە. سەرباری ئەوەی کە قوتابییەکان لە پۆستی کۆیلە بوون لە پەیوەندییان بە عیسای مەسیح و لە نێوان یەکتریشدا، بەڵام ئەوان چێژیان وەردەگرت لە قووڵی هاوڕێتییان لەگەڵ عیسای مەسیح و لەگەڵ یەکتریش.

پ) سێیەم سیفەتی هاوڕێتی مەسیحی.

سێیەم سیفەتی هاوڕێتی مەسیحی ئەوەیە کە هەمیشە ڕێگا دەدات بە هاوڕێکان بەڕاشکاوی بەشداری بکەن لە نێوان یەکتردا لەو شتانەی کە لە خودا فێری ببون. هاوڕێ مەسیحییەکان باشترین ئەو شتانەی فێری دەبن بۆ خۆیان نایپارێزن، بەڵکو بەشداری دەکەن بە باشترین شت کە فێری بوونە.

ت) باوەڕداران چیتر نابن بە کۆیلەی شەریعەت، بەڵکو هاوڕێی عیسای مەسیحن بەخشێنەری شەریعەت.

جیاوازی هەیە لە نێوان کۆیلە و هاوڕێ. جوولەکەکان هەمیشە قورساییەکی زۆریان هەبوو لە ڕێوڕەسم ئاینی و دابونەریت. بۆیە، خزمەتکار بوون، بەڵکو کۆیلەی شەریعەت بوون بە گوێرەی شیکردنەوەی مرۆڤ. بەڵام قوتابییەکان ڕووناکییەکیان وەرگرت و ﴿نیری مەسیح﴾یان هەڵگرت (مەتتا11: 28-30). ئەوان وەك کۆیلەی شەریعەت نەمان، هەروەها وەك کۆیلەی ڕێوڕەسمی ئایینی و دابونەریتەکان نەمان، بەڵکو بوونە هاوڕێی عیسای مەسیح کە خۆیان لە پێناوی ئەودا لە جیهانەدا تەرخانکرد. هاوڕێکانی عیسای مەسیح خۆیان بە شیکردنەوەکانی شەریعەت سەرقاڵ ناکەن کە کۆتایی نایێت، بەڵکو خۆیان بە درێژەپێدانی پاشایەتی خودا سەرقاڵ دەکەن. ئەوان دەیانەوێ عیسای مەسیح زیاتر شکۆمەند بێت وەك پادشایەك لە سەیوانی دڵ و ژیانیان، هەروەها یارمەتی کەسانیتریش بدەن بۆ ئەوەی عیسای مەسیح ببێتە پادشایەك لەسەر دڵ و ژیانیان.

**پرسیاری 4** (15: 13) چۆن دەتوانم بە شێوەیکی کرداری هاوڕێم دەستبکەوێت؟ چۆن دەتوانم هاوڕێتیم لەگەڵیاندا بپارێزم؟

**تێبینییەکان:** عیسای مەسیح ئەو کەسانەی کە خۆی لە پێناویاندا کردە قوربانی بە هاوڕێی خۆییانی ناوەزەند دەکات. هەروەها ئەو کەسانەی کە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی دەکەن بە هاوڕێی خۆیانی ناوەزەند دەکات. هەروەها ئەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن بەوەی لە خوداوە فێری ببون بە هاوڕێی خۆیی دادەنێت. هەروەها، لەڕێگای ئەم ئایەتانەوە فێر دەبین چۆن —وەك باوەڕدار— فێری دروستکردنی هاوڕێتی ڕاستەقینە ببین. لە (یۆحەننا15: 13-15) سێ بنەمای زۆر گرنگ فێر دەبین دەربارەی هاوڕێتی مەسیحی:

ئـ) بنەمای یەکەم لە ژمارە 13 وەرگیراوە. تۆ لە ڕێگای خۆشەویستییە قوربانیدەرەکەتەوە بۆ کەسانیتر هاوڕێتی دروست دەکەیت. چاوەڕێ مەکە کەسانیتر بێن و هاوڕێتی لەگەڵتدا دروست بکەن، بەڵکو تۆ دەستپێشخەر بە لە دروستکردنی هاوڕێتی! هەموو کەس دەپرسێت: (هاوڕێکانم کێن؟). بەڵام پێویستە باوەڕدار لە خۆی بپرسێت: (من هاوڕێی کێم؟). عیسای مەسیحیش دەستپێشخەر بوو لە دروستکردنی هاوڕێتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێشتر دوژمنایەتییان دەکرد. وەکو ئەوەی عیسای مەسیح کردی، پێویستە ئێمەیش — وەك باوەڕدار— دەستپێشخەر بین لە ڕۆیشتن بۆ لای کەسانی ناخۆشەویست و دەربڕینی خۆشەویستی قوربانیدەرمان لە بەرامبەریان. دەتوانین بچین بۆ لای کەسە ناخۆشەویستەکان و خۆشەویستی خۆمان بۆیان پیشان بدەین. هەروەها بچین بۆ لای ئەو کەسانەی کە هەست بە تەنیایی دەکەن و هاوڕێتییان بکەین. دەشتوانین بچین بۆ لای گوناهکاران و بیانهێنین بۆ لای عیسای مەسیح.

ب) بنەمای دووەم لە ژمارە 14 وەرگیراوە. تۆ هاوڕێتییەکەت دەپارێزیت لە ڕێگای پاراستنت لەگەڵ هاوڕێکانت بەو پێوانەیە و سنورەی کە مەسیح لە ئامۆژگاریەکانییەکانیدا شیکردۆتەوە. نابێ هیچ کەس لە ئێوە هەوڵی ڕاکێشانی کەسێکیتر بکات بۆ پێوانە هەڵەکانی جیهان و جۆری دڕندە ژیانی جیهانی بەڵکو پێویستە یەکتر ڕاکێشین بۆ پێوانەکانی عیسای مەسیح و گوێڕایەڵی کردنی. هاوڕێتی ڕاستەقینە تەنها لە ئاسۆی تێربوو لە خۆشەویستی عیسای مەسیح و گوێڕایەڵی کردنی ئامۆژگارییەکانی بوونی

دەبێت و گەشە دەکات. خەڵكی لە جیهاندا هەست دەکەن کە پێویستە لەسەریان دابونەریتی جیهان و شێوازی ژیانی کەسانیتر قبوڵ بکەن بۆ ئەوەی توانای پەیداکردنی بەناو (هاوڕێ) لەم جیهانەیان هەبێت. هەروەها بۆ ئەوەی کەسانیتر قبوڵیان بکات. بەڵام باوەڕداران دەزانن کە پێویستە لەسەریان کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر دابونەریتی کەسانیتر و شێوازی ژیانیان هەبێت تاوەکو هاوڕێتی بەسوود و هەمیشەیی لەگەڵیاندا دروست بکەن. باوەڕداران هاوڕێتییەکانیان دروست ناکەن لە ڕێگای گۆڕان هاوشێوەی دڕندەکان، بەڵکو لەسەر شێوازی یارمەتیدانی کەسانیتر لەسەر زیاتر لەیەکچوون بە عیسای مەسیح.

پ) بنەمای سێیەم لە ژمارە 15 وەرگیراوە. تۆ هاوڕێتییەکەت قوول دەکەیتەوە لە ڕێگای بەشداریکردنت بەو شتانەی لەگەڵ هاوڕێکانت لە خوداوە فێری بووی. قسەکانت لەگەڵ هاوڕێکانت تەنها لەسەر شتی ماددی و هەواڵی ڕۆژانە نەبێت. بەڵکو باسی خودا بکەن، باسی کتێبی پیرۆز بکەن و ئەو شتانەی کە خودا فێریتان دەکات ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا. زۆر جار خەڵكی جیهان لە قسەکردن دەربارەی شتی ڕوحی دەترسن چونکە نایزانن. بۆیە پێویستە لەسەر باوەڕداران یارمەتیان بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە ڕوحییەکان بەبێ ڕووگێرکردنیان.

---

بەم شێوەیە، دەبمە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی کەسێکیتر کاتێك دەستپێشخەری بکەم لە پیشاندانی خۆشەویستی قوربانیدەرم بۆ ئەو، هەروەها کاتێك یارمەتی بدەم بۆ پێشکەوتنی لە ژیان بەرەو ئەو پێوان و سنوورانەی کە ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیح دەیانگرێتەوە، کاتێکیش ساکارم لەگەڵیدا و بەشداری لەگەڵدا بکەم لەو شتانەی لە خوداوە فێری بووم.

هەنگاوی **4** جێبەجێکردن

**بیربکەرەوە:** کام لەم ڕاستییانەی کە لەم برگە کتێبییە هاتووە دەست دەدات وەك جێبەجێکردنی کرداری بۆ باوەڕداران؟

**بەشداری بکە و بنووسە:** با پێکەوە هەندێ لەو جێبەجێکردنە بنووسین کە دەتوانین لە (یۆحەننا15: 13-15) دەریبهێنین.

**بیربکەرەوە:** ئەو جێبەجێکردنە پێشنیار کراوە چییە کە خودا دەیەوێت بیگۆڕێتە جێبەجێکردنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم جێبەجێکردنە کەسییە لە پەڕاوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداریکردنی جێبەجێکردنی کەسی کە خودا هاوێشتییە سەر دڵت. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی گرووپەکەت ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن، یان لە هەمان ڕاستی ڕێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمانەی خوارەوە لیستێکە بە هەندێ ڕێکخستنی پێشنیار کراوە).

چەند نموونەیەکی جێبەجێکردنی پێشنیار کراو

(15: 13) دەستپێشخەر بە لە دروستکردنی هاوڕێتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دوژمنایەتیت دەکەن، یان لەگەڵ کەسانێك کە هەست بە تەنیایی دەکەن، یان لەگەڵ کەسانێکی ونبوو کە خۆشەویستی نازانن.

(15: 14) یارمەتی سەرجەم هاوڕێکانت بدە بۆ پێشکەوتن لە ژیانیاندا بەرەو ئەو پێوان و سنوورانەی کە ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیح دەیانگرێتەوە.

(15: 15) لەگەڵ هاوڕێکانت بەشداری بکە بەو شتانەی لە خوداوە فێری دەبی.

---

چەند نموونەیەکی جێبەجێکردنی کەسی

ئـا) من بوونەوەرێکی نایابم لەلای خودا. لەش و ڕوحم زۆر گرنگن لە دیدەی خودا. بۆیە هەرگیز خۆم بە کەم نازانم، سووکایەتی بە خۆم ناکەم، خۆم ڕەت ناکەمەوە، بەڵکو بایەخ دەدەمە ڕوح و لەش و دەروونم.

بـ) دەمەوێت بە ڕاستی بایەخ بدەمە ئەو ئەرکەی کە خودا پێی ڕاسپاردووم. لەبەر ئەوەی من بەدی هێنراوی خودام، دەمەوێت خودا بناسم و وێنەی ئەو نیشاندەم لە ژیانم بۆ ئەوەی ناوی خودا شکۆدار بێت، هەروەها دەمەوێت ڕێزی جیاوازی نێوان پیاو و ئافرەت بگرم. هەروەها یارمەتی پاراستنی سروشت بدەم.

هەنگاوی **5** **نزا بکە**

وەرن با پێکەوە بە نۆرە نوێژ بکەین، بە شێوەیەك کە هەر کەسێك بۆ ڕاستییەك نوێژ بکات کە خودا فێری کردووین لە ڕێگای (یۆحەننا15: 13-15). (سەبارەت ئەو شتانە نوێژ بکە کە فێری بویت لەم خوێندنەوەیەدا. مەشق بکەن لەسەر نوێژی کورت لە یەك یان دوو ڕستە پێك بێت. لەبیرت بێت کە ئەندامانی گرووپەکەت دەتوانن بۆ شتی جیاواز نوێژ بکەن).

## نوێژ

بە نۆرە وەکو گروپ نوێژ بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یان گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یان سیانی و نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.
**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابێتی بە کەسانێتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (یۆحەننا15: 13-15).
**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (کردار8: 1 – 11: 18).
شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.
**دەرخکردن:** ووشە. (مەتتا4: 4). بە دوا پێنج ئایەتی دەرخکردن بخوێنەوە.
**نوێژ:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یان بۆ شتێکی دیاریکراو نوێژ بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).
**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.